**بەش/ رێنمایی پەروەردەیی و دەروونی**

**کۆلێژ / پەروەردە**

**زانکۆ / سەلاحەددین**

**بابەت/ چارەسەری کێشەکان**

**کۆرس بووك – (قۆناغی دووەم )**

**مامۆستای بابەت / شاهین خالد رشید**

**ساڵی خوێندن / ٢٠٢٣/٢٠٢٢**

# کۆرس بووک
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی بابەت | چارەسەری کێشەکان |
| ٢. مامۆستا | شاهین خالد رشید |
| ٣. بەش / کۆلێژ | ڕێنمایی پەروەردەیی و دەروونی / پەروەردە |
| ٤. زانیاری بۆ پەریوەندی | الایمیل: shaheen rashid @ su.edu.krd<br><br>رقم الهاتف (اختیاری): |
| ٥.یەکەکانی خوێندن لەهەفتەدا | ٢کاتژمێری تیۆری |
| ٦. ژمارەی کاتەکانی کارکردن | رۆژانی یەك شەم |
| ٧. رمز المادە (course code) | |
| ٨. البروفایل الاکادیمی للتدریسی | خوێندنی زانکۆم لەساڵی ٢٠٠٨ تەواوکرد، وە لەهەمان ساڵدا کارم کرد بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەبەشی پەروەردەو دەروونزانی لە زانکۆی سەلاحەددین بەناونیشانی ( توێژەری پێشکەتوو) لەبەشدا ، وە لەخوێندنی باڵا ماستەر وەگیرام لەساڵی ٢٠١٠ لە پسپۆری دەرونزانی . دوای تەواوکدرنی ماستەر نازناوی زانستیم بووبە (مامۆستای یاریدەدەر) بۆ ماوەی هەشت ساڵ وانەم گوتەوە لەبەش ڕێنمای وە هەروەها لەبەشەکانی پەروەردەی تایبەت وە بەشی ماتماتیك وە بەشی کوردی وە بەشی کیمیا وە بەشی فیزیا وە بەشی بایۆلۆجی .... ، بەشداری چەندین کارو چالاکیم کردوە لەبەش وە لەلیژنەکان لەسەر ئاستی بەش وەکو لیژنەی بینین و راهێنانی قوتابی – قوناغی جوارەم وە لیژنەی کۆمەڵایەتی وە لیژنەی پەرتوکخانە وە هەروەها بەشداریم کردووە لیژنەی تاقیکردنەوە لەسالانی ٢٠١٥- ٢٠١٦وە ٢٠١٧-٢٠١٨ وە ٢٠٢٠- ٢٠٢١ . |
| ٩. چەمکەکانی بابەتکە | چەمکی کێشە ، چەمکی چارەسەرکردنی کێشە |

**١٠. نبذة عامة عن المادة**

چارەسەری کێشەکان بابەتێکی زۆر گرنگ و پێویستە کە قوتابی بیخوێنێت لە بەشی ڕێنمایی ئەم بابەتە گرنگی دەدات بە شارەزابوونی قوتابی وە تێگەیشتنی بە چەمکەکانی کێشە وە چەمکی چارەسەری کێشە ، گرنگی کێشەو وە هەروەها دەست نیشان کردنی هۆکارەکانی وە هەوڵی چارەسەرکردنی بدات بە پێی ئەو هۆکارانەی کەدەست نیشانی کردوون ، هەروەها گرنگە لێرەدا قوتابی زۆر وورد بێت وە زانیاری تەواوی کۆکردبێتەوە لە کاتی دیاری کردنی یان دەست نیشانکردنی هۆکارەکانی کێشەکە واتە چەند هۆکارێك هەن کە لاوەکین وە هۆکارهەیە سەرەکی یە لە ڕوودانی کێشەکە بۆیە لەسەر قوتابی پێویست بە ووردی ئەمە بدۆزێتەوە ، هەروەها تێگەیشتن لە گرنگی و جۆرەکانی کێشە وە قوتابی لە سوودی چارەسەری کێشە تێبگات ، هەروەها لەرێگەی ئەم بابەتە تیشك دەخرێتە سەر چەند ئاراستەیەك لە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان وەردەگرێت وە چەند نموونەیەك بەپێی ئاراستەکان وەردەگرێت وە لێرەدا دەبێت قوتابی شارەزابێت بە زانینی جۆرەکانی کێشە ،

هەروەها گرنگە قوتابی سوودی چارەسەردنی کێشە بزانێت و واتە چ سوود هەیە لە چارەسەر کردنی کێشە دا وە قوتابی بەشی ڕێنمایی زۆر گرنگە کە سیفات خەسڵەتەکانی چارەسەرکار بزانێت و شارەزابێت پێ ی بۆ ئەوەی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە کاربکات و لە پسپۆریەکەی خۆی وە پێویستە قوتابی کێشەکان جیابکاتەوە واتە جیاکردنەوەی کێشە کانی پەروەردەیی وە کێشانەی کە پەیوەندیان بە ڕەفتارەوە هەیە وە کێشە دەروونی یەکان .

بکات .

**١١. ئامانجی بابەتەکە**

ئامانجی بابەتی چارەسەری کێشەکان زۆر گرنگە و پێویستە لە کۆتایی ساڵ ئەو ئامانجانە هاتبنە دی و جێ بەجێ ببوبن ، ئامانج قوتابی شارەزابێت و بزانێت چەمکەکانی چارەسەری کێشەکان وە هەروەها ، وە لەرێگەی ئەم بابەتەوە قوتابی لێهاتوو بێت لەسەر دیاریکردنی هۆکارەکانی ڕوودانی کێشەکە ، ڕاستە کێشە هەیە و کێشە زۆرە کێشە جیاوازە بەڵام لێهاتووی گرنگە زۆر بە دەست نیشانکردنی هۆکارەکان بە شێوەیەکی گشتی دواتر چربوونە ترکیز خستنە سەر هۆکاری سەرەکی لە ڕوودانی کێشەکە چونکە دیاریکردنی هۆکارە کە ڕێنمایی کار دەبات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لەسەر بنمای ئەو هۆکارە سەرەکی یەکە بۆیە ئامانجی ئەوبابتە ئەوەیە قوتابی لەرێگەی ئەو بابەتەوە ئەو لێهاتووە پەیدا بکات ، وە ئامانجی ئەو بابەتە ئەوەیە کە قوتابی شارەزابێت لەسەر ئاراستەکانی پێشووتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ، هەروەها قوتابی سیفات و خەسڵەتی ڕێنمای کار بزانێت و ئەو سیفاتە لە خۆی بەدی بهێنێت ، لەم بابەتە لەسەر بنەمایی ئەوەی پێشوو باس کرا و تیشکی خرا سەر کێشەکانی پەروەردەیی وە کێشەی ڕەفتاری وە کێشەی دەروونی ئەمانە هەمووی بەجیا باسدەکرێت و ئاماژەی پێ دەکرێت چەند نموونەیەك لەهەریەکەیان وەردەگرین بۆ ئەوەی قوتابی شارەزابێت لەو کێشانە وەهەروەها پاشکۆیەك کۆبکاتەوە لەسەر کێشەکان و هۆکارەکان وە دواتر پێکەوە چارەسەری گونجاو دەخەینە ڕوو بە شێوەیەکی گشتی ، وە قوتابی ڕاهێنان بکات لەسەر دۆزینەوەی هۆکاری سەرەکی وە چارەسەری نموونەیی سەبارەت بەهەر کێشەیەك

**١٢. التزامات الطالب:**

**قوتابی یان لەسەریانە کە ئامادەبن لە پۆل داو بەشداربن لەو گفتۆگۆیانەی کە لەپۆل دا ئەنجام دەدرێت هەروەها بەشداربن لە چالاکی یەکان کە داوایان لێدەکرێت کە ئەویش پێشکەشکردنی سیمینار بێت یان ئامادەکردنی ڕاپۆرت بێت کە پەیوەندی بە بابەتەکە هەبێت ، دوا لە قوتابیان دەکرێت کێشەیەك دیاری بکەن ئینجا کە کێشەی پەروەدەیی بێت یان دەررونی وە دواتر بیکەنە ڕاپۆرت و وەکو سیمینار بیخەنە ڕوو لە پۆل دا بۆ ئەوەی قوتابیان سوود لە زانیاریەکانی یەکتر وەر بگرن ، هەروەها چالاکی یەکی تر ئەنجام دەدەین ئەویش سیناریۆ واتە تمسیلی دەکەین لەسەر هەندێك لە کێشە باوەکان ئینجا قوتابیانی ئامادەبوو بەپێی ئەو تمسیلیە هۆکار دەست نیشان دەکەن وە چارەسەر دەخەنە ڕوو .کە ئەمە زۆر سوودی بۆ قوتابیان دەبێت .**

**١٣. طرق التدريس**

لەم بابەتەدا سبورە وە داتاشۆ وە هەروەها بابەتەکە کراوەتە چەند بەشیك و ڕێکخراوە وە وێنە بەکاردێت بۆنشاندانی کێشەکان وە هەروەها فیدیۆی کورت لەسەر ئەو کێشانە دەخرێتەروو دەدرێت بەقوتابی .بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کێشەکان وە ڕێگای وانەووتنەوە ڕێگای گفتۆکردن وە ڕێگای پرسیارکردن بەکاردێت بۆ زانینی وە دڵنیابوون لە فێربوون و تێگەیشتنی و وەرگرتنی بابەتەکە لەلایەن قوتابی یەوە .

**١٤. نظام التقييم**

**أساليب التقويم: الدرجه الكليه من (١٠٠) وستوزع على النحو التالي:**

| | |
|---|---|
| - امتحان نصفى ١٥ درجه<br>- امتحان نصفى ١٥ درجه<br>- تقارير والمشاركه الصفيه ١٠ درجه<br>- الامتحان النهائى ٦٠ درجه | |

١٥. نتائج تعلم الطالب

بەرهەمی فێربوونی قوتابی لەم بابەتەدا ئەوەیە کەچۆن بتوانێت وەك رێنمایی کاریکی سەرکەوتوو سوود وەرگرێت لە زانیاریانەی فێربووە و بەکاری بهێنێت هەروەها قوتابی دەتوانێت لە قوتابخانە حکومی وە ناحکومی پسپۆری خۆی بەکاربهێنێت خزمەت بکات لە بوارەدا ، کێشەکان بدۆزێتەوە هۆکارەکان دیاری بکات هەوڵی چارەسەرکردن بدات .

١٦. قائمة المراجع والكتب

١. طاهر، شەوبوعبدالله، المشكلات الارشادية، ٢٠١٥، مطبعة جامعة صلاح الدين - اربيل
٢. الداهري ، صالح حسن احمد، مبادئ الارشاد النفسي والتربوي ، ٢٠٠٠، دار الكندي للنشروالتوزيع
٣. العناني ، حنان عبدالحميد ، علم النفس التربوي ، ٢٠٠٢، دار صفاء للنشر والتوزيع - عمان

| ١٧. المواضيع | اسم المحاضر |
|---|---|
| الفصل الأول<br>• سەرەتایەك لەسەر بابەتەکەو پێشەکی یەکی بەسوود<br>• چەمکی چارەسەری کێشە<br>• پێناسەی چارەسەری کێشەو پێناسەی کێشە<br>• گرنگی چارەسەری کێشە<br>• جۆرەکانی کێشە وە پۆلینکردنی چارەسەری کێشە<br>• رێگەی نواندن لەچارەسەری کێشەدا<br>• لێهاتووی لەچارەسەری کێشەدا | محازەرەی یەکەم تا سێ یەم |
| الفصل الثاني<br>- چەند گریمانەیەك بۆ چارەسەری کێشە کان<br>- قۆناغەکانی چارەسەری کێشە کان<br>- ئەو نموونانەی بوونەتە پێشکەوتنی چارەسەرکردنی | لەمحازەرەی سێ یەم تا چوارەم |

| | |
|---|---|
| کێشەکان<br>- نموونەی جونز ، جوندیوی ، ستیرنبرك<br>- نموونەی کوبرج ، باجنال<br>- سیفات و خەسلەتی چارەسەرکار<br>- الفصل الثالث<br>-<br>- وەرگرتنی ئاراستەکان لەچارەسەرکردنی کێشەکان<br>- ئاراستەی رەفتاری بەیەکەوەبەستراو<br>- ئاراستەی زانیین<br>- ئاراستەی گشتالتی<br>- ئاراستەی پیش کەوتوو | له محازەرەی پێنجەم تا شەشەم |
| الفصل الرابع<br>- جۆرەکانی کێشە وەرگرتنی کێشە پەروەردەی یەکان وە کێشە رەفتارییەکان وە کێشە دەروونی یەکان<br>- کێشەی لاوازی پاڵنەری فێربوون<br>- پێناسەکردنی<br>- هۆکارەکانی لاوازی پاڵنەری فێربوون<br>- هۆکاری قوتابخانە<br>- هۆکاری تایبەت بە قوتابی<br>- هۆکاری خێزانی<br>- چارەسەرکردن بە پێ ی هۆکارەکان<br>-<br>• کێشەی خراپ بەکارهێنانی کات –<br>- پێناسەی<br>- کاریگەری کێشەی خراپ بەکارهێنانی کات لەسەر قوتابی<br>- هۆکارەکان | لەمحازەرەی حەوتەم تا نۆیەم |

| | |
|---|---|
| لەمحازەرەی نۆیەم تا یازدەم | ⋆ کێشەی قۆپیەکردن لەکاتی تاقی کردنەوە<br>-پیناسەی<br>- چۆنیەتی ناسینی قوتابی قۆپی کار لەکاتی تاقی کردنەوە<br>- کاریگەری نەرێنی قۆپیەکردن لەتاقی کردنەوە<br>- ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی قۆپیەکردن لەکاتی تاقی کردنەوە<br>- جۆراو جۆرو شێوازەکانی قۆپیەکردن لەکاتی تاقی کردنەوە<br>- چۆنیەتی چارەسەرکردن بەپێی هۆکارەکان<br>**الفصل الخامس**<br>⋆ کێشەی هەڵاتن لە قوتابخانەدا<br>- پیناسە<br>⋆ هۆکارەکانی هەڵاتن لەقوتابخانەدا<br>- هۆکاری خێزانی<br>- تایبەتمەندی بارودۆخی قوتابخانە<br>- سیفات و کەسایەتی قوتابی<br>- سیفات و کەسایەتی مامۆستا<br>- چارەسەرکردنی کێشەی هەڵاتن لە قوتابخانە بەپێ ی هۆکارەکان<br>⋆ کێشەی شەرانگێزی<br>- پیناسەکەی<br>- هۆکارەکانی شەرانگیزی قوتابی |

| | |
|---|---|
| - هۆكاری قوتابخانه<br>- هۆكاری خێزانی<br>- هۆكاری ڕاگەیاندن<br>- وەرگرتنی چەند هۆكارێك كە پەیوەندی بە كۆمەڵگەی خۆمانەوە هەیە<br>- جۆرەكانی شەرانگێزی<br>- چارەسەركردن وە یان كەم كردنەوەی ئەو كێشەیە<br>الفصل السادس<br>*كێشەی جگەرەكێشان<br>- پێناسەكەی<br>- پێكهاتەی جگەرە<br>- زیانەكانی جگەرەكێشان<br>- هۆكارەكانی جگەرەكێشان<br>- هۆكاری خێزان<br>- هۆكاری هاورێ ی خراپ<br>- هۆكاری دەروونی<br>- هۆكاری ڕاگەیاندن<br>- چەنیەتی چارەسەركردن بە پێ ی هۆكارەكان | لەمحازەرەی یازدەم تا سێزدە |
| ١٨. المواضيع التطبيقية (إن وجدت) | |

**١٩. الاختبارات**

**١. انشائي:**

**پێناسە ئەمانەی خوارەوە بکە؟**

**١- کێشە ٢- قۆناغی ناساندن**

**الجواب**

**١- بریتی یە لە هەڵوێستێك کەبەربەست دروست دەکات لەبەردەم تاك دا دەبێتە ڕێگر لە جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی هۆکارێکە بۆ ناهاوسەنگی**

**٢- لەم قۆناغەدا دەتوانرێت شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی کێشەکان بکەین لەرێگەی ئەو زانیاریانەی پێشوو کەلەهەستەوەرەکانمانەوەبۆمان دێت**

**٢. صح أو خطأ:**

ضع علامة (√) للعبارة الصحيحة وعلامة (X) للعبارة الخاطئة واذا كانت العبارة خاطئة صحح ما تحته خط.

**أ- کێشە کراوەکان ئەو کێشانەن کەدەرئەنجامەکەیان نەزانراوە و چارەسەرێکی دیاریکراوی نیە**

**الجواب**

**أ- √**

**٣. الفراغات:**

**املئي الفراغات الاتية بعبارات مناسبة**

**١:کێشەکان لە سەرچاوەی ———— و ———————— سەرهەڵدەدات**

**وەلام**

**کۆمەڵگا و خێزان**

**٢- جۆرەکانی شەرانگێزی ——————— و ———————**

**وەلام**

**جەستەیی وە زارەکی**

**ملاحظات اخرى**

**٢١. مراجعة الكراسة من قبل النظراء**